## لە حەفدەهەمین ساڵیادی(کۆستی ئەنفال)

# ئاوڕدانەوەیەك لە ڕۆژەخوێناویەکانی نیشتمان لەرێگەی بەڵگەنامەکانی بەعسەوە

مەجید سالح
Magid87@hotmail.com

## پێشەکی

ساڵانە گەلی کورد لە 4/14پرسەیەکی نیشتمانی گەورە بۆ بێسەرو شوێنکردنی هەزاران هەزار نەوەی ئەم خاکە دادەنێت وئەو کۆستە گەورەیەی نەتەوەکەمان یاد دەکەنەوە.ئەگەرچی پەلامارەکانی ئەنفال لە 1988/2/22 بە شێوەیەکی رەسمی بۆ سەرسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دۆڵی جافایەتی دەستی پێکرد ومێژووی راستەقینەی ئەو پەلامارانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژە،بەلاّم لە پاش راپەڕینەوە هەموو ساڵێك 4/14 بوەتە سیمبولێك بۆ یاد کردنەوەی بێسەروشوێنەکانی پەلامارەکانی ئەنفال.هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی هەشت ئەنفالدا،لەورۆژەدا زۆرترین ژمارەی خەڵك لایەن هێزە پەلاماردەرەکانەوە گیران وپاشان بێسەرو شوێن کران.ئەمساڵ لە کاتێکدا ئەو یادە تاڵە بەبیر خۆمان و ئەو نەوانەی کە ئەنفالیان نەدیوە دەخەینەوە،زۆربەی هەرە زۆری ئەنفالچیەکان بە(سەدام وعەلی حەسەن ئەلمەجیدی ئامۆزای)یشەوە لە چاوەڕوانی دادگایکردندان.وەك کەسێك کە بەشێکی ژیانی خۆم بۆ دۆکومێنت کردنی ئەو کارەساتە تەرخان کردوە، لەم یادەدا ئەم کۆمەڵە بەڵگەنامەیە دەخەمە بەر دیدی ئەوانەی کە (ئەنفال)لە لایان بوەتە پرس.بەو هیوایەی لە ئایندەدا بتوانم تێکڕای ئەو بەڵگەنامانەی کە لامن بخەمە بەردیدی خوێنەران.

## فەرمانی خوێن

لە 1987/3/23بە بڕیاری ژمارە (160)(مجلس قيادة الثورة) وبە ئیمزای (سەدام حسێن)،( عەلی حەسەن ئەلمەجید)ی ئامۆزای کرا بەربەرپرسی نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس و حاکمی موتڵەقی کوردستان.بڕیارەکەی سەدام حسێن لە

پێـنج خـاڵ پێـك هـاتبوو، ئـەو خاڵانــەش بریتــی بــوون لــە جێبــەجێکردنی ئــەو سیاسەتانەی بەعس بەرامبەر بە گـەلی کـورد کـە دەمێك بـوو بەعسـیەکان بـە دوای هەلێکدا دەگەڕان بۆ پراکتیزە کردنی.بـۆ زیـاتر رونکردنـەوەی مەرامـەکانی (سـەدام حسـێن) لێـرەدا دەقـی کـوردی بڕیـاری ژمـارە (160) دەخەینـەروو،من کـەمترین تەعلیق و لێدوانێکم لە سەر بەڵگەنامەکان نوسیوە، هۆکارەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی کە ئەو بەڵگەنامانە هێندە بە سەراحەت و راشـکاوانە نوسـراون پێویسـت بـە شیکردنەوە ناکەن :

**بەڵگەنامەی ژمارە (1)**

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

ژمارەی بڕیار (160)

لە 1987/3/29

بڕیار

بەپشـت بەسـتن بەئەحکامـەکانی بڕگـەی (أ) لـەماددەی چـل و دوو، بڕگـەی (أ) لــەماددەی چـل وسـێی دەســتوور و بۆجێبــەجێکردنی ئــەو بڕیــارە هاوبەشــەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرکردایەتیی هەرێمایەتیی حزبـی بـەعس کـە لـە 1987/3/18دا بەسـترا، ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش لەکۆبوونـەوەی 1987/3/29 بڕیاریدا:

یەکەم: هاوڕێ عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەنـدامی سـەرکردایەتیی هـەرێمی حزبـی بەعسی عـەرەبیی ئیشـتراکیی، نوێنەرایـەتیی سـەرکردایەتیی هەرێمایـەتیی حـزب و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دەکات بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی هەردوولایان لەهەموو ناوچەکانی باکوورو ناوچـەی ئۆتۆنـۆمیی کوردسـتان، لـەپێناوی پاراسـتنی ئاسایش و سەقامگیریی تێیداو جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەناوچەکەدا.

دووەم: بــۆ جێبــەجێکردنی ئــەم بڕیــارە هــاوڕێ ئەنــدامی ســەرکردایەتیی هەرێمایەتیی سەلاحییەتی هەموو دامودەزگاکانی حکومەت مـەدەنی و عەسـکەری و

ئەمنییەوە لەدەستدایە، بەشێوەیەکی تایبەت سەڵاحییەتەکانی ئەنجومەنی ئەمنی قەومی و لیژنەی کاروباری باکوور.

سێیەم: ئەم لایەنانە لەهەموو ناوچەکەدا پەیوەست دەبن بەهاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی و بڕیارو تەوجیهاتەکانی بەپێی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن:

1-ئەنجومەنی تەنفیزیی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان.

2-پارێزگاری پارێزگاکان و سەرۆکی یەکەکانی ئیدارەی سەر بەو پارێزگایانە.

3-دەزگای موخابەرات و هێزەکانی ئەمنی ناوخۆو ئیستخباراتی عەسکەری.

4-سەرکردایەتیی جەیش شەعبی.

چوارەم: سەرکردایەتیی سەربازیی ناوچەکە پابەندی فرمانەکانی هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتیی دەبن بەهەموو ئەوانەی پەیوەستن بەبڕگەی (یەکەم)ی ئەم بڕیارەوە..

پێنجەم: لەڕۆژی دەرچوونییەوە تا ئاگادارکردنەوەیەکی تر کار بەم بڕیارە دەکرێت، هیچ بڕگەیەکی یاسایی کاری پێناکرێت ئەگەر لەگەڵ ئەم بڕیارەدا نەگونجێت.

سەدام حسێن

سەرۆکی ئەنجومەنی

سەرکردایەتیی شۆڕش

## پلان بۆ قڕکردن

هەرلەو ڕۆژە بەدواوە (عەلی کیمیایی) پلانێکی وردی دارشت بۆ نەهێشتنی نەك هەرهێزی پێشمەرگەی کوردستان ولەناوبردنی شۆڕش،بەڵکو هەموو ئەوانەی لە ناوچە رزگارکراوەکاندا نیشتەجێبوون بوون بە ئامانجی پەلامارەکانی.پلانەکەی (عەلی حەسەن ئەلمەجید) لەسێ قۆناغی پەیوەندییدار بەیەکەوە پێك هاتبوو. سەرەتای سێ مانگی دەسەلاتی خۆی تەرخانکرد بۆ دەست نیشانکردنی ئەو

سنورەی کەدەیویست پرۆسەی جینۆساید کردنەکەی تێدا ئەنجام بدات وبە قۆناغی یەکەم دانرا، هەموو گوندەکانی ژێردەستی هێزی پێشمەرگەو گوندەکانی سەرجادە گشتییەکانی ژێردەسەڵاتی رژێم بوون بەئامانج. قۆناغی دووەمی مەرامەکانی (ئەلمەجید) کۆکردنەوەی زۆرترین خەڵك بوو لەچەند مۆڵگەیەکی کۆنترۆڵکراودا.خاڵی سێیەمی پلانەکەی بریتی بوو لە ریشەکێشکردنی هێزی پێشمەرگەو نەهێشتنی شۆڕشی گەلی کوستان .عەلی کیمیایی کەدەستی بە پێشمەرگە نەدەگەیشت،لەکەس وکارەکانیانەوە دەستی پێکرد.ئەوە بوو لە سەرەتای مانگی نیسانی 1987 تاکو کوتایی ئەو ساڵە، سەدان خێزانی دەرەجە یەك و دووی پێشمەرگە گیران وپاشان بێسەروشوێن کران. دواتر دەستی دایە رووخاندنی هەموو گوندەکانی سەر جادەگشتیەکان وئەوانەی ژێر دەسەلآتی خۆی.بەوەشەوە نەوەستا لە 1987/6/20بەنوسراوی ژمارە(4008/28)داوای لە فەیلەقەکانی یەك و دوو و پێنج کردوەکە ئیتر لەمەولا ئازادن لە کوشتنی دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە.لە نوسراوەکەدا (عەلیکیمیایی) رێك ئەو سیاسەتەی کەمجلسی قیادەی سەورە داوای لێکردوە بەرامبەر بە کورد جێبەجێەکات:

**بەڵگەنامەی ژمارە** (2)

سەرکردایەتیی نووسینگەی باکوور

نووسینگەی سکرتارییەت

1987/6/20

ژمارە 4008/28

لەسەرکردایەتیی نووسینگەی باکوور

بۆ: فەرماندەیی فەیلەقی یەك/دوو/پێنج

ب/ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ گوندە قەدەغەکراوەکاندا لەڕووی ئەمنییەوە

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی رۆژی 21ی حوزەیرانی 1987 ئەو ماوەیەی کەبۆ کۆکردنەوەی گوندەکان دانراوە بەڕەسمی کۆتاییدێت، بڕیارماندا لەڕۆژی 22ی حوزەیرانی 1987 بەو لاوە بەم شێوەیە کاربکەین:

1-هەموو ئەو گوندانەی کە لەڕووی ئەمنییەوە قەدەغەکراون و هێشتا جێگای تێکدەران و بەکرێگیراوانی ئێران و خیانەتکارانن بەخیانەتکار دابنرێن.

2-بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ تیایاندا قەدەغەیەو بەناوچەی محەڕەمە دادەنرێت و تەقەکردن تیایاندا ئازادە، تا ئەو کاتەی ئێمە تەعلیماتی تر دەردەکەین.

3-هاتوچۆکردن لەوێوەو بۆ ئەوێ کشتوکاڵکردن و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازیی و ئاژەڵداریی قەدەغەیەو دەبێت هەموو دەزگا تایبەتییەکان بەوردی چاودێریی ئەو مەسەلەیە بکەن، هەر لایەك بەپێی پسپۆرایەتیی خۆی.

4-فەرماندەیی فەیلەقەکان ماوە ماوە بەشەوو رۆژ بەتۆپ و سەمتی و فڕۆکە ئەو ناوچانە بۆردومان دەکەن بۆ کوشتنی زۆرترین خەڵك کە لەو جێگایانەدا دەبینرێن.

5-هەموو ئەو کەسانەی کە لەوێدا دەگیرێن، حجز دەکرێن و دەزگا ئەمنییەکان حوکمی ئیعدام بەسەر ئەوانەدا دەدەن، کە تەمەنییان لە 15 ساڵ بۆ 70 ساڵییە، بەڵام پاش وەرگرتنی زانیاریی تەواو لێیان و پاشان ئاگادارمان بکەنەوە.

6-دەزگا تایبەتییەکان هەڵدەستن بەلێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانەی خۆیان تەسلیم بەدەزگا حزبی و حکومییەکان دەکەن، ئەویش تەنیا لەماوەی سێ رۆژدا ئەگەر ماوەکە لە دە رۆژ تێپەڕی یان پێویستیی بەوەکرد ماوەکە زیاتر بکرێت دەبێت بەڕەزامەندیی ئێمە بێت، بەتەلەفۆن یان بەبرووسکە لەڕێگای هاوڕێ تاهیر ئەلعانییەوە پەیوەندیمان پێوەبکرێت.

7–ئەو تالآنی و دەستکەوتانەی کەموستەشارو چەکدارەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆخۆیان دەبێت، جگە لەچەکی قورس و ئیسناد و چەکە سووکەکان بۆخۆیان بێت، تەنیا لەژمارەی چەکەکان ئاگادارمان بکەنەوە، لەسەر سەرکردایەتیی چەکدارەکانە، چالاکانە موستەشارو فەرماندەی سریەو مەفرەزەکان ئاگادار بکەنەوە، ئەو چالاکییانەی کە لەچوارچێوەی فەوجەکانی دیفاع مەدەنیدا دەیکەن.

سەرکردایەتیی ئەنجومەنی تەشریعی، ئەنجومەنی تەنفیزی، دەزگای موخابەرات، فەرماندەیی ئەرکانی سوپا، پارێزگارو سەرۆکی لیژنەی ئەمنی نەینەوا، تەئمیم، دیالە، سەلآحەدین، سلێمانی، هەولێر، دهۆك، ئەمیندارەکانی ئەو پارێزگایانە، بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سەربازی، بەڕێوەبەری ئەمنی عامە، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی مەنزوومەی ئیستخباراتی ناوچەی باکوورو رۆژهەلآت، بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، تەئمیم، سەلآحەدین، هەولێرو دهۆك و سلێمانی، تکایە ئاگاداربن و هەر لایەنێك بەپێی تایبەتمەندیی خۆی جێبەجێی بکات.

عەلی حەسەن ئەلمەجید

ئەندامی قیادەی قوتری

راسگری نهێنیی نووسینگەی باکوور

## پێشبڕکێ بۆ کوشتن

لە پاڵ هەردوو فەیلەقی یەك ودوو پێنج و ئەفواجی دیفاعی وەتەنی(جاش) ،دامودەزگاکانی ئەمن وئیستخبارات وجیش شەعبی وهەموو رێکخراوەکانی تری حیزبی بەعس,کە بە پێی بڕیای (160)ی مەجلس قیادەسەورەلەژێر فەرماندەیی ئەوەدابوون، لە کاتی جێبەجێکردنی خالّی یەکەمی پلانەکەی‌دا ململانیەیەکی توند کەوتە ناو سەرانی ئەو دەزگایانە بۆ رازی کردنی دڵی دیکتاتۆرەکەی کوردستان.ئەگەر تەماشایەکی ئەو بەڵگەنامانە کە لە ماوەی دەسەلآت دارێتی عەلی

کیمیایی ئاراستەی ئەو دەزگایانەی کە ناومان هێنان ،یان ئەو نوسراوانەی کە ئەو دەزگایانە ئاراستەی نوسینگەی باکوریان کردوە بکەین،دڕندەیی و مەرامەکانی حیزبی بەعس سەبارەت بە کوردستان بێ هیچ پێچ وپەنایەك دەردەکەوێت.بەڵگەنامەیژمارە(3) نوسراوێکی نوسینگەی باکوری حیزبی بەعسی عەربی ئیشتراکیە، لە 1987/9/17 بە ئیمزای سکرتێری تایبەتی عەلی حەسەن ئەلمەجید واتە (تاهر توفیق) ئاراستەی (منظومة استخبارات المنطقة الشرقية)کراوە.لەسێ خاڵدا بەرسمی نوسراوێکی ئەوان دەداتەوەکە لە 14ئەیلولی 1987سەبارەت بەچۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کەس وکاری پێشمەرگەدا ئاراستەی نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس کراوە.سێ خاڵەکەش بریتین لەم تەوجیهاتانەی لای خوارەوە:

**بەڵگەنامەی ژمارە (3)**

حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی — امة عربية واحدة

هەرێمی عیراق — ذات رسالة خالدە

سەرکردایەتی‌نوسینگەی‌رێکخستنی باکور

(زۆر نهێنی وتایبەت)

نوسینگەی سکرتاریەت

1987/9/17

بۆ /منظومة استخبارات الشرقية

سلاوێکی هەڤالانە

بابەت/ تۆری رێکخستنی ناوشار

نوسراوتان لە 14/ئەیلولی 1987

1. رەزامەندی بۆ پێشنیارەکانی نوسراوەکەتان وەرگیراوە.خێزانی تاوانبارەکان حجز دەکرێن وپاش اعدام کردنیان خانوەکانیان دەروخێنرێت.

2. لە یەکێك لە دەزگا ئەمنیەکان سود لە تاوانبار فریدون عارف حسێن وەردەگیرێت.

3. هاوڕێی تێكۆشەر (عەلی حەسەن ئەلمەجید )بەرپرسی نوسینگەی باكور سوپاس وڕێزی خۆی بە بەڕێوەبەری مەنزومەی شەرقی وهەموو ئەوانەی لەم ئەركەدا یارمەتیان داوە،رادەگەیەنێت.

تكایە ئاگاداربن و كاری پێویستی بۆ بكەن.....لە گەڵ ڕێزدا

تاهر توفیق

سكرتێری لیژنەی كاروبای باكور

پێ ناچیئەوە تەنیا دەزگای ئیستخبارات بێت( كەلە ناو عێراقیەكاندا بەگشتی وكوردستان بە شێوەیەكیتایبەت ناوبانگێكی خراپی دەركردوە)، ئەركی گرتن وكوشتنی خەڵكی لە ئەستۆدا بێت،بەڵكو وەك وتمان هەموو ئەو داموو دەزگایانەی كەلە ژێر فەرماندەیی (عەلی كیمیایی)دا بوون لە كوشت و قڕكردنی كورداندا ئبداعیان دەكرد.هەندێك جار هێندەیان پەلە كردوە پرسیان بە سەرووی خۆشیان نەكردوە.بۆیە پاش جێبەجێكردنی مەرگ بەسەر خەڵكی بێتاوانی كوردستان ، جورە پرسەگورگانەیەكیان بەنوسینگەی باكوری حیزبی بەعس كردوە،ئەویش نەك لەبەر ترس لەناڕەزایەتی ئەوان،بەڵكۆ بەنیازی ئاگادار بوونی ئەوان لە شێوازی جێبەجێكردنی فەرمانەكان و وەرگرتنی پاداشت ودەست خوشی.ئەوەتا لە وەڵامی نوسراوی ژمارە(352)ی فەیلەقییەكی سوپای عێراق رۆژی 1987/7/8(تاهر تۆفیق)ی سكرتێری نوسینگەی باكوری حیزبی بەعس لەجیاتی (عەلی حەسەن ئەلمەجید) وەڵامیان دەاتەوە:

**بەڵگەنامەی ژمارە** (4)

نەتەوەی عەرەب یەكەو خاوەن پەیامێكی پیرۆزە

حزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست

هەرێمی عیراق

سەركردايەتيی نووسینگەی ڕێكخستنی باكوور

نووسینگەی سكرتارییەت

ژمارە 5083

1987/7/12 نهێنی و تایبەت

بۆ: فەرماندەیی فەیلەقی یەك

ب: ئیعدامكردنی تاوانباران

سڵاوێكی هاوڕێیانە

نووسراوی نهێنی و تایبەتتان (352) لە (1987/7/8) هاوڕێ عەلی حەسەن ئەلمەجید بەرپرسی نووسینگەی باكوور بەم جۆرە وەڵامی نووسراوەكەتانی دایەوە:

(هیچ لاریمان نییە لەسەربڕینی خیانەتكاران، بەڵام باشتروابوو بتانناردبایە بۆ ئەمن، تاكو ئەوانیش لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا بكەن، لەوانەبوو هەندێك بابەتیان پێش لەسێدارەدانیان لێوەربگرتایە)

تكایە بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزماندا

تاهیر تۆفیق

سكرتێری لیژنەی باكوور

وێنەیەكی بۆ:

–سەركردايەتيی لقی ڕەشیدی سەربازیی

–بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئیستخبارات

هەندێك جار ئەو ململانێیەی كە لە نێوان دەزگا داپڵۆسێنەرەكانی بەعسدا هەبووە گەیشتوەتە رادەی شاردنەوەی زانیارییەكیان لە یەكتر،بۆیە ناچار سیخوورییان لە سەر یەكتر كردوە بۆ وەگرتنی تەوجیهاتەكانی لێپرسراوی نوسینگەی باكوری حیزبی بەعس. لەم بەڵگەنامەیەدا دەردەكەوێت كە ئامریەتی جەحفلی وەتەنی(جاشەكان)لە فەرماندەی فەیلەقی (یەك) فرمانیلە لایەن (عەلی حەسەن ئەلمەجید)ەوە پێگەیشتوەبۆ كوشتنی بریندارەكانی

هەڵبجـە وروخانـــدنی گـــەڕەکی کـــانی عاشـــقان و چارەســـەرکردنی هـــەر کۆبونەوەیەك وقەدەغەکردنی هاتوچۆ لە و ڕۆژەوە بەدوا.بەڵگەنامەکە بریتیـە لـــە بروســـکەیەکی ئـــەمنی هەڵبجـــە بۆبەڕێوەبەرایـــەتی ئـــەمنی ســـلێمانی لە1987/5/14کە تیدا ئـەوە ئاشـکرا دەکـات حـوکمی عـورفی لـە شـارەدا راگەیـەنراوە.گرنگـی ئـەم بەڵگەنامەیـە لەوەدایەکـە نزیکـەی سـاڵێك پـێش کارەساتی شەهید کردنی هەڵبجە، مەرامە گڵاوەکـانی بـەعس سـەبارەت بـەو شارەدەخاتە ڕوو:

**بەڵگەنامەی ژمارە (5)**

لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەڵبجەوە/ش3 ژمارە/3324

بۆ/بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی/ش3 1987/5/14

معاونیەتی ئەمنی هەڵبجە بە بروسکەی ژمـارە2858لـە 1987/5/14پێـی راگەیانـــدین کـــەوا ئامریـــەتی جحفلـــی پێنجـــەم بـــە بروســـکەی 945لـە1987/5/13 پێـی راگەیانـدوون:فەرمانـدەی فەیلـەقی یـەك پێـی راگەیاندوون بە ئیعاز وەرگرتن لە هاوڕێی تێکۆشـەر عـەلی حەسـەن ئەلمەجیـد ئـەو بڕیـنـدارە مەدەنیانـە اعدام دەکرێن پـاش دڵنیا بـوون لـە وەی کـە دژی دەسەلاتن، ئەویش لە ڕێگەی ناوچەی حزبیەکان و ئـەمن وپـۆلیس ومەرکـەزی ئیستخبارات وبە کەڵك وەرگرتن لە شۆفل وبیلدۆزەریش گەڕەکی کانی عاشقان بڕوخێنن وئەمن وپۆلیس وسوپاش هەر کۆبونەوەیـەك کـە دەکرێت معالەجـە دەکـەن/./لـەم کاتـەوە بـەولاوەش هاتوچـۆکردن تـا ئاگادارکردنەوەیـەکی تـر قەدەغە دەبێت وهەموو ماڵەکانیش بەدەبابەدەڕوخێنن پاش ئاگرتێبەردانی.

بۆ زانیاریتان لەگەڵ ڕێزدا.

بەڕێوەبەری ئەمنی

هەڵبجە

## ویژدانی زیندوو

لە نێو بەڵگەنامەکاندا(کە بە داخەوە تاکو ئێستا بەگوێرەی پێویست کاریان لە سەرنەکراوە) زانیاری وردی وا دەست دەکـەوێت کـە لێکۆڵـەوەر دەتوانێـت

گـەلێك مەسـەلەی گرنگـی پەیوەنـدی‌دار بـە كێشـەی كـورد لـە سـەردەمی دەسەلأت دارێتـی (عـەلی كیمیـایی) لـە كوردسـتان سـاغ بكاتـەوە.یـەكێك لـەو مەسەلانەی كە هەندێك جار بەلاوەكی قسەی لێكراوە،مەسەلەی (جاشایەتیە)، ئاخۆ دەبێت بەیەك چاوسەیری هەموو جاشەكانی دیفـاعی وەتـەنی‌بكرێت یـان جیاوازییـان لـە نێوانـدا هەیـە؟!.لـەم بەڵگەنامەیـەدا دەردەكـەوێت كـە لـەو ساتەوەختەدا هەندێك كەس هەبوون كەرامەتیان رێگـەی پێنـەداوون چـیتر بـە كۆیلەیی بژین ببنە داردەستی دوژمنانی نەتەوەكەیان،هەربۆیە(ئـارام سـابیر و سـتار عمـر)بڕیـار دەدەن یـەكێك لـە سـەرانی جاشـایەتی (جـەلال چـەرمەگا) تەسفیە بكەن.بەلأم هەوڵەكەیان لەلایـەن اسـتخباراتەوە ئاشـكرا دەبێـت و لـە لایەن فەیلـەقی یەكـەوە تەسـلیم بـە ئـەمنی سـلێمانی دەكـرێن بـۆ وەرگرتنـی زانیاری زیاتر لێیان.بە گەڕانەوە بۆ بەڵگەنامەی ژمارە(4) ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەبێت كەوا عەلی كیمیایی پێشتر بە فەیلەقی یەكی ووتوە: (هیچ لاریمان نییە لەسـەربڕینی خیانـەتكاران، بـەلأم باشـتروابوو بتانناردبایـە بـۆ ئـەمن، تـاكو ئـەوانیش لێكۆڵینـەوەیان لەگەڵـدا بكـەن، لەوانـەبوو هەنـدێك بابـەتیان پـێش لەسێدارەدانیان لێوەربگرتایە).هەر لە بەر ئەو تەوجیهاتانەیـە(ئـارام و سـتار) ڕەوانەی ئەمنی سلێمانی كراون.

**بەڵگەنامەی ژمارە (6)**

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەوەی بەشەرەف شەڕ دەكات | فەرماندەی
نەمری شایانیەتی | فەیلەقی یەك

(ئەمنی ناوخۆ)

استخبارات

أس/ق/52/2/ 1549

6/ت1/1987

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای سلێمانی

بابەت/ناردنی تاوانباران

لــه خــوارەوە دوو  تاوانبارتــان بــۆ دەنێــرین کــه ســەر بــه فــەوجی دیفــاع وەتــەنی (79)ن،لە10تەموزی87 مەفرەزەکانمان گرتونی چونکە زانیاریمان پێگەیشـتوە هاوکـاری بەکرێ گیراوانی ئێران دەکەن لە کاتی لێکۆڵینــەوەدا دانیــان بــە هاوکاریەکەیانـدا نـاوە و وتویانە بەنیاز بوون پلانی تیرۆرکردنی مستەشـاری فـەوجی نـاوبراو(جـەلال ئەسـعەد رەزا چەرمەگا)جێبەجێ بکەن نوسخەیەك لە ئیفادەکانیانتان بۆ دەنێرین.ناوەکان :

1. ئارام سابیر اسماعیل
2. ستار عمردەرویش

تکایەکاری پێویست بکەن ولە وەرگرتنیان ئاگادارمان بکەنەوە.

هاوپێچ

(2) ئیفادە

عەمیدی ڕوکن

ع/فەرماندەی فەیلەقی یەك

رونوسێکی بۆ

سەرکردایەتی نوسینگەی باکور

بەرێوەبەرایەتی ئیستخباراتی گشتی سەربازی

## ئەنفال هەی ئەنفال

وەك لە ناوەکەیدا دیارە،(ئەنفال)تەنیا بــۆ ئــەوە نەکرابووکەگـەلی کـورد لـەم بەشـەی کوردستاندا قڕبکرێت،بەڵکو ئامانجی تالانی کردنی سەرو سامانیخەڵکەکەش بووە.ئەم بروســکەیەی ئــەمنی سـلێمانی بــە ئاشـکرا جـاڕی فـەرمانێکی (عـەلی حەسـەن ئەلمەجید)دەخاتە روو بۆ تالانکردنی بەرووبوومی کشتوکاڵی جوتیاران.

**بەڵگەنامەی ژمارە** (7)

بۆ هەموو معاونیەتەکان ژمارە 9914

لە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی بەلدەوە ف3 1988/7/23

بەرێز هــاورێی تێکۆشــەر راسـگری نهێنــی نوســینگەی باکۆرلـە1988/7/18 پێمـانی راگەیاند:

بەرووبوومی کشتوکاڵی خەڵکی ئەوگوندانەی کە لەلایەن ئێمەوە تەرحیل کراون کۆ بکەنـەوە، ئەوانەی کە پێش تەرحیل کردنیان هەستاون بە چاندنی. تکایە ئاگادار بن لەگەڵ رێزماندا
2633
88/7/23

پشکنینی شارەکانی کوردستان، یەکێکی تر بوو لەو هەولانەی (عەلی حەسـەن ئەلمەجیـد) بۆبنبڕکردنی سەرچاوەکانی کوردایەتی.لەم بەڵگەنامەیەدا دەردەکەوێت داموو دەزگاکـانی بەعس پەلەیان بوە لە ئەنجام دانی ئەو ئەرکەیان،بەلاّم (کیمیایی) بەگومان بوە لەوەی کـە ئەو دەزگایانە بە وردی کارەکەیان ئەنجام دەدەن ،هەر بۆیە فـەرمانی دەرکـردوە تـاکو بـێ ئاگاداری خۆی هیچ شارێك نەپشکێنرێت.ئەوە بوو لە پاش ئەو مێژووە بـە یـەك رۆژو لـە یەك کاتداو لە ژێر چاودێری خودی(عەلی کیمیایی)دا تێکڕای شـارەکانی کوردسـتان مـاڵ بەماڵ لەلایەن دەزگای ئەمن وئیستخبارات وحیزب و سوپاوە پشکێنران.

**بەڵگەنامەی ژمارە (8)**

لە ئەمنی سەرشەقام دەوە ژمارە279
1988/7/20

بروسکەی بەلدە/ف3//793 لە 1988/7/18

هـیچ شـارو شارۆچکەیەك ناپشـکێنرێت تـا رەزامەنـدی بـەڕێز هـەڤاڵ (عـەلی حەسەن ئەلمەجید) لێپرسراوی نوسینگەی باکور وەرنـەگیرێت .تکایـە کـاری پێویستی بۆ بکەن

ملازم ئەوەلی ئەمن

ئەفسەری ئەمنی سەرشەقام

## ویژدانی مردوو

لـە پـاش شـەهید کردنـی هەڵەبجـە وئـەنجام دانـی ئەنفالـەکانی یـەك و دوو وسـێ،ژمارەیەکی زۆر لـە خـەڵکی هەڵەبجـەو گونـدەکان دابەزینـە نـاو شـارو شارۆچکەکان وخۆیان لەچاوی ئەنفالچیەکان شاردەوە.رژێم هەستی بەوەکردبوو،بۆیـە لیژنەیەکی تایبەتیان بە سەرۆکایەتی شێخ جەعفەر دانا بۆ جەرد کردنـی ئـەو خێزانانە.نەك بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی وخزمەتگوزاری،بەڵکو بۆ ئەوەی بـە

ئاسانی دەستیان پێڕاگەیەت.لیژنەکە چەند لیژنەیەکی فەرعی لە قەزاکانی سلێمانی کردەوە وجگە لە قائیقام ،دەزگای ئەمن وحیزب وئیحسا وئامارو ئەحوال مەدەنی تیدا بەشدار بوون.ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەڵەبجە لە پاش ئەم جەردکردنە بەرەو شوێنی نادیار بران.بە پێی قسەی هەندێك لەوانەی کە لەتوونی نوگرەسەلمان گەڕاونەتەوە دەیان خێزانی هەلەبجەیش تێکەڵ بە ئەنفال کراوەکانی گەرمیان کراون کە لە ئەنفالی سێ دا گیرابوون.

**بەڵگەنامەی ژمارە (9)**

بسم الله الرحمن الرحیم

پارێزگای سلێمانی کۆماری عێراق ژمارە/1623 حوکمیمەحەلی

مێژووی1988/4/3

(نوسینگەی پارێزگار) زۆر بەپەلە

بۆ/سەرکردایەتیلقی سلێمانی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی

ب/دەست نیشانکردنی نوێنەر

بەبروسکەی ژمارە 1594رۆژی 1988/3/31داوامان لەقائیمقامی قەزاکانی مەرکەز/برایەتی /دەربەندیخان/کەلار/چەمچەماڵ کردوە کەوا هەستن بە ناونووسکردنی ئەو خێزانانەی کەلە هەڵەبجە.خورماڵ.بیارە وکۆمەڵگاکانی عەنەب.زەمەقی.سیروان دابەزیون.هەروەها ئەو خێزانانەی کە لەسەید سادق وشانەدەری. بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە لایەن سەرۆکی یەکەی ئیداری ونوێنەری حیزب وئەمن وئامارو ئیحساوئەحوال مەدەنی ولە ماوەی یەك هەفتەدائەنجام دەدرێت.تکایە ئاگاداربن وفەرمان بدەن بۆدەست نیشانکردنی نوێنەرتان بۆ لیژنەی ناوبراو وئاگادارمان بکەنەوە.

جەعفەرعبدالکریم بەرزەنجی

پارێزگاری سلێمانی

وێنەیەکی بۆ :

–بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی

–بەڕێوەبەرایەتی جنسیەو ئەحوال مەدەنی سلێمانی

–بەڕێوەبەرایەتی ئیحسای سلێمانی

–نوسینگەی پارێزگار تکایە نوێنەرتان دیاری بکەن